## شةمزيني جيهاني و بسدةنطي جيهانسكي ثأ لة تاوان .... خالَة حةمة

ئەوەی ناشاررێتەوە لە نیشتمانی ئێمەی کوردا هەوڵدانی دوژمنەکانمانە بۆ دەرهێنانی ڕەگ ڕیشەی نەتەوایەتیمان و ئەنفالی زمان و کلتورو کەلەپورمان.. سەدە لە دوای سەدە ئەگەر ڕژێمەکانیش گۆڕبەگۆڕبوبن بەڵام نەوە نەتەوەپەرستەکانیان لەسەر رەوش و ڕێگەی باوانیان بەگژ ئێمەی بێ پشت و پەنادا چونەتەوەو هەوڵەکەیان توندوتیژتر کردوە تابەڕەچەڵەکماندا بچنەخوارەوەو پێناسەی کوردبونمان لێ زەوتبکەن..

بەڵام سەیر لەوەدایە لە پێش چاوانی مرۆڤایەتی و هەموو دەوڵەتانی دنیادا ئەو تاوانانە ئەنجام ئەدرێن کەسیش ئاوڕێکمان لێ ناداتەوە.. لەباکور (22) یاخود (23) ملیۆن کورد بۆی نییە کە بەزمانی دایکی خۆی بدوێت و لە بچوکترین مافەسەرەتاییەکانی خۆیان بێبەشن.. لەباشوری بچوك نزیکەی (1، 5) ملیۆن و نیوێك مرقی کورد (عەگالی) عەرەبی کراوەتەسەرو لەکاردان بیانتوێیننەوە.. لەباشوری گەورە لەپاش (44) سال ماڵکاولی و کیمیایی باران و سەدان گۆڕی بەکۆمەڵ تازە مافەکانمانی (5) یاخود (6) ملیۆن کورد زەوت دەکرێت.. لەڕۆژهەڵات (13) تا (14) ملیۆن کوردبە نوێترین شیوە (هیرۆیین و تلیاك و حەشیشە) ئەنفال دەکرین کە ئەتوانین ناوی لێبنیین (ئەنفالی سپی) تا ژێراوژێر دوورلەوچاوانەی دنیای دەرەوەو ناوە ئەنجام بدرێت.. جگە لەکوردەکانی شورەوی و پەڕەوازەی تەواوی وولاتانی ئەمدنیا بێخەمە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە کوا (نەتەوەیەکگرتوەکان) کوا (رێخراوەکانی مافی مرۆڤ) کوان ئەو سەندکایانەی لەسەر گیانی ڕۆشنبیران ئەلەوەرێن، کوان ڕۆشنفیکرانی ئەو وولاتانەی لە ئازادیدا مەستن، ، کوان ژنانی لێوانلێو لە عەشق و ئازادی، ئێمەی کورد بەبێ هیچ تاوانێك ژورواوژوری زیندانە تاریکەکانمان دەگیرێن کەبۆژیانی ئاژەڵیش دەستنادات، ئێمەی کورد لەسەر کوردبونمان ئەمانکوژن.. و ئەم جۆرەتاوانانە ڕۆژانە دووبارە دەبێتەوە..

ئەمهاوارەش بۆ هەموو خاوەن ویژدانێکە، کورد یاخود تەواوی مرۆڤەکان دنیا کەدەنگ بخەنە پاڵ دەنگم تا رژێمی دواکەوتوی ئێران نەتوانێت رۆژنامە نوسی کورد خاتو (شەمزینی جیهانی) لەزیندانا دابڕزێنێ..

خاڵەحەمە/دانمارك 2005/1/12